# کێشەی کۆمەڵایەتی لەرۆماندا کوردیدا

**عەبدولڵا رەحمان عەولا**
بەشی کوردی، کۆلیجی پەروەردە-مەخمور، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

کێشەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو کێشەو گرفتانەی کە لەچوارچێوەی رەوشی کۆمەڵایەتی دێنە ئاراوە و کاریگەری لەسەر ژیان و هزر و پەیوەندییەکانی مرۆڤ دروست دەکەن. کێشەکان ژیانی مرۆڤ لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە دەگوازنەوە، گەلێکجاریش ئەو دۆخە نوێیەی کە لە ئەنجامی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست دەبێت بەدڵ و هزری خاوەنەکەی نییە، بەو واتایەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بارودۆخێك دەهێننە ئاراوە کە مرۆڤ بەناچاری خۆی لەگەڵ دەگونجێنێت. ئەو بارودۆخە بەهەموو قورساییەکەوە خۆی بەسەریدا دەچەسپێنێت و چارەنووسی بۆ دیاری دەکات. مرۆڤەکان لەناوخۆیاندا کۆمەڵێك پەیوەندی جۆارجۆر دەهێننەکایەوە و لە کۆی گشتی ئەو پەیوەندییانەشدا ئاساییە کێشەو گرفت بێتەکایەوە، کە لە ئەنجامی بیروڕا و سروشتی رەفتار و هەڵسوکەوتە جیاکانی مرۆڤەوە دورست بێت و کێشەی کۆمەڵایەتی هەروەکو کێشەکانی دیکەی سیاسی و ئابووری و ئایینی لێبکەوێتەوە. بۆیە لە زانستی کۆمەڵناسیدا (کێشەی کۆمەڵایەتی) وەکو زاراوەیەك ناسێنراوە و مامەڵەیەکی تایبەتی لەتەك کراوە. لەم چوارچێوەیەشدا رۆمان لە چاو ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی وەکو شیعرو چیرۆك بەهۆی ئەو پانتایی فراوانەی کە هەیەتی توانای نمایش و بەرجەستەکردنی تەواوی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە، چونکە رۆمان لەرێگەی فرە تەکنیکەکانییەوە دەتوانێت وردو درشتی لایەن و رەهەندەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان شەن و کەو بکات و چارەسەری گونجاویش بخاتەڕوو، سەرەڕای ئەوەش دیدو بۆچوونی رۆماننوسیش لەمەڕ ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە روون بکاتەوە و هۆشیاری و رۆشنبیرییەکی گونجاو و هەمە لایەنەش پێشکەش بە خوێنەرانی بکات و کاریگەری و کارتێکردنی ئەنجامە راستەوخۆ و ناراستەخۆیەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر تاك و گرووپی کۆمەڵگە روون بکاتەوە .

**وشەسەرەکییەکان:** رۆمان، کێشەی کۆمەڵایەتی، خێزان، دوژمنداری، ئابوری.

## پێشەکی

کێشەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو کێشەو گرفتانەی کە لەچوارچێوەی رەوشی کۆمەڵایەتی دێنە ئاراوە و کاریگەری لەسەر ژیان و هزر و پەیوەندییەکانی مرۆڤ دروست دەکەن. کێشە کۆمەڵایەتییەکان خودی خۆیان چەندین جۆر و لایەن و رەهەندی جیاوازییان هەیە ، بەڵام خەسڵەتێکی گشتی و هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کێشەی کۆمەڵایەتی رووکارێکە لە ڕاڵەتەکانی نەبوونی رێکخستنی کۆمەڵایەتی یان هەڵوەشان و شیبوونەوەی کۆمەڵگە، بەشێوەیەکی گشتی کار دەکاتە سەر تاك و گرووپ و کۆمەڵگە، رێککەوتنێك لەسەر ئەوە هەیە ئەگەر بمانەوێت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەژمار بکەین، پێویستە کۆمەڵ هەست بە بوونی بکات ، پاشانیش پێویستە کارکردنێکی بە کۆمەڵی رێکخراو بۆ چارەسەرکردن و رزگاربوون لە خراپەکارییەکانی هەبێت. ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کۆمەڵگە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان هۆشیار بکاتەوەو رێوشوێنی گونجاویش پێشکەش بکات، دیارە رۆمان وەکو ژانرێکی سەردەمییانە و بەهۆی ئەو پانتاییە فراوانە و ئەو فرە تەکنیکییەی کەهەیەتی توانای زیاتر هەیە بۆ باسکردن و وردکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و رۆمانوس لە چوارچێوەی رووداوەکان و رەفتاری کارەکتەرەکانیدا پەردە لەسەر ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگە بەدەستییەوە دەناڵێنێت لادەدات و هەوڵ دەدات وشیاری و چارەسەکاری لەمبارەیەوە پێشکەش بە خۆێنەران بکات .

**سنوری توێژینەوەکە** : لەم توێژینەوەیەدا لە سنووری باشووری کوردستاندا و لەدوو تۆیی (9) رۆماندا هەوڵمانداوە پەنجە لەسەر ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە دابنێین کە رۆمانوسەکان دیدو هزریان لەبارەوە خستۆتەڕوو و تانوپۆی رووداوی رۆمانەکان هۆنیوەتەوە .

**گرفتی توێژینەوەکە:** بێگومان نووسینی هەر توێژینەوەیەك بەدەر نییە لە هاتنە پێشەوەی گیروگرفت، بەتایبەت لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی  لە رۆماندا، بە هۆیی

گۆڤاری زانكۆی كۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
رێککەوتی: وەرگرتن ١٢ کانونی یەکەم ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٥ شوبات ٢٠٢٤
توێژینەوەی رێکخراو: لە ٢٩ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیلی توێژەر: abdulla.awla@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ عەبدولڵا رەحمان عەولا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر رەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp156-164

ئەوەی کەلەناو ئەدەبیاتی کوردیدا کەمتر لەسەر ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە کراوە. لەم توێژینەوەیەدا گرفتەکە لەناونیشانەکەیدا رەنگدەداتەوە کە ئایا دەکرێت بەوردی دەستنیشانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکەین؟ یاخود تاچەند دەتوانین لەنێو رۆمانەکادا لەڕوانگە جیاوازەکان دەستنیشانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکەین و لەوێدا بگەین بە ئەنجامێک بۆ گرفتی لێکۆڵینەوەکەمان.

**رێبازی توێژینەوەکە:** بۆ خستنەڕووی لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە سوودمان لە میتۆدی وەسفی وەرگرتووە و لەپێناو شیکردنەوەی و کارکردن لەسەر دەقی رۆمانەکانیشدا بۆ میتۆدی شیکاری گەڕاینەوە، بۆ ئەوەی لایەنی تیۆرییەکە لەکۆتاییدا لەناو دەقەکاندا پراکتیزە بکەین.

**هۆکاری توێژینەوەکە:** بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رۆمانی کوردی لە رووی ناوەڕۆکەوە کەمتر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و بەتایبەتیش لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە جێگای سەرنجی رۆماننوسان بوونەو بە بایەخەوە لێی دواون و چارەسەرییان لەبارەیەوە پێشکەشکردووە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

**لەبەشی یەکەمدا** چەمك و زاراوەی کێشە کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی بە ئەدەب و ژانری رۆمانەوە شیکراوەتەوەو تیشکی خراوەتە سەر، کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە:
تەوەرەی یەکەم : زاراوە و چەمکی کێشەی کۆمەڵایەتی شیکراوەتەوەو لایەن و رەهەندەکانی باسکراوە.
تەوەرەی دووەم: پەیوەندی کێشەی کۆمەڵایەتی بە ئەدەب و بەتایبەتیش بە رۆمان باسکراوە.
**لەبەشی دووەمیشدا** باس لە رەنگدانەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە رۆمانەکاندا خراوەتەڕوو، کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە:
تەوەرەی یەکەم : کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان بەنموونەی ناو رۆمانەکان خراونەتەڕوو.
تەوەرەی دووەم: دوژمنداری وەکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و رەنگدانەوەی لەناو رۆمانەکاندا باسکراوە.
تەوەرەی سێیەم: ئابووری وەکو هۆکارێکی سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو رۆمانەکاندا شەنوکەو کراوە.

## بەشی یەکەم: کێشەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە رۆمانەوە

مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا لەناو تۆڕێك لە پەیوەندییەکاندا دەژیت و هەمیشە لەمامەڵەکردن لەگەل دەوروبەرەکەیدا دووچاری کێشەو گرفت دەبێتەوە، بەشێك لەو کێشانە کۆمەڵایەتین و کاریگەری و کارتێکردن لەسەر هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی دادەنێن، بەم پێیەش کێشەی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی لە گەلێکجاردا چارەنووس و رێڕەوی ژیانیان دەستنیشان بکات، لەم روانگەیەوە ئەدەب وەکو ئاوێنەی کۆمەڵگە ئاوڕی لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان داوەتەوە و بەتایبەتیش رۆمان کە بەهۆی فراوانی فەزایەکەی و تێکچڕاژانی توخم و تەکنیکەکانی ، ئەو هەلەی لەبەردەم رۆماننوسان رەخساندووە کە بەقووڵی و فراوانی گوزارشت لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکەن. بۆ زیاتر ئاشنا بوون لەم تەوەردا باس لە زاراوەی کێشەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییان بە ئەدەب و بەتایبەتیش رۆمان دەکەین.

### تەوەرەی یەکەم: چەمك و زاراوەی کێشەی کۆمەڵایەتی

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەو پێیەی کە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت دەرگا لەسەرخۆی دابخات و بەتەنیا بژیت، بەڵکو مرۆڤەکان بەیەکەوە هەڵدەکەن و ژیان دەبەنەسەر، لەم نێوانەشدا مرۆڤەکان لەناوخۆیاندا کۆمەڵێك پەیوەندی جۆراجۆر دەهێننەکایەوە لەوانەش پەیوەندی (خزمایەتی، خێزانی، هاوڕێیەتی، دراوسێیەتی، هاولاتی....تاد)، لە کۆی گشتی ئەو پەیوەندییانەشدا ئاساییە کێشەو گرفت بێتەکایەوە، کە لە ئەنجامی بیروڕا و سروشتی رەفتار و هەڵسوکەوتە جیاکانی مرۆڤەوە دوروست بێت و کێشەی کۆمەڵایەتی هەروەکو کێشەکانی دیکەی سیاسی و ئابووری و ئاینی لێبکەوێتەوە. بۆیە لە زانستی کۆمەڵناسیدا (کێشەی کۆمەڵایەتی) وەکو زاراوەیەك ناسێنراوە و مامەڵەیەکی تایبەتی لەتەك کراوە.

دیارە ئەم زاراوەیە لەدوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە ، بەشی یەکەمیان (کێشە)یە کە بریتییە لە بوونی گرفتێك، یان بەربەستێك لە گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو (( بەشێوەیەکی گشتی حاڵەتێکە لە گومان و دوودڵی و پەشێوی کە وا پێویست دەکات کارێك بکرێت بۆ رزگاربوون لەو حاڵەتە، کارەکەش لەوانەیە توێژینەوەیەك بێت ، یان خوێندنەوەی توێژینەوەیەکی تایبەت بەو حاڵەتە بێت)) ( البیاتي،15:2014). لەمبارەیەوە ( جاریسۆن) کێشە وا دەناسێنێت کە (( هەڵوێستێکە ئامانجێك لەخۆ دەگرێت کە دەیەوێت بەدی بهێنێت، هەروەها هەڵوێستێکیشە رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە کە توانای رووبەڕووبوونەوەکەی سنووردار دەبێت، ئەمەش وا دەکات بەربەست بۆ هەندێك لە جێبەجێکاری وەزیفەی کۆمەڵایەتی دروست ببێت)) ( غباري،1980:59). هەر لەمبارەیەوە (رۆبەرت میرتۆن) دەڵێت: (( کێشە بریتییە لەو دژیەکەی کە لەنێوان ئەوەی لەکۆمەڵگەدا بوونی هەیەو لەگەڵ ئەو حەزو ئارەزووەی کە گرووپێکی دیاریکراو لەو کۆمەڵگەیە هەیەتی )) ( قنوص،2000: 272). بەشی دووەمی زاراوەکەش بریتییە لە (کۆمەڵایەتی) کە ئەو سیستەمە دەگرێتەوە کە لە پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو وابەستەبونیان بەیەکەوە و چالاکییەکانیان لەناو خودی کۆمەڵگەکە نیشان دەدات. سەرەڕای ئەمانەش هەموو ئەو گۆڕانە جیاوازانەش لەخۆدەگرێت کە لە نێوان تاك و گرووپەکانی ناو کۆمەڵگەکان روودەدەن و بەدرێژایی سەردەم رەنگرێژی هزری و سیاسی و ئابووری و ئاینی تاك و گروپەکانی کۆمەڵگە دەکەن. سیفەتی کۆمەڵایەتی ئاماژەیەکیشە بۆ کاریگەربوون بە رەفتار، جا ئەو رەفتارە تاکە کەس بێت بە کەسانی دیکە، یان گرووپێك، ئەو سیفەتەش واتای شێوەی ئەو پەیوەندییانە دەگەیەنێت کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەبن لە ئاستەکانی بەردەوامیدان و هاوکاریکردن و پێشبڕکێ و ململانێدا، بۆیە سیفەتی کۆمەڵایەتی پەیوەست دەبێت بەلایەنی ئابووری و چالاکییە ئابوورییەکان و کاریگەری سیستەمی ئابووری لەسەر بەهاو رەفتاری تاك و هەروەها لایەنی سیاسی و بەشداربوونی سیاسی و کاریگەری سیستەمی سیاسی و لایەنی رۆشنبیری و کلتووری و داب و نەریت و هزری کۆمەڵگەکان پیشان دەدات (حسن، 2012: 178-179).
لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین (کێشەی کۆمەڵایەتی) بریتییە لەو کێشەو گرفتانەی کە لەچوارچێوەی رەوشی کۆمەڵایەتی دێنە ئاراوە و کاریگەری لەسەر ژیان و هزر و پەیوەندییەکانی مرۆڤ دروست دەکەن. کێشەکان ژیانی مرۆڤ لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە دەگوازنەوە، گەلێکجاریش ئەو دۆخە نوێیەی کە لە ئەنجامی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست دەبێت بەدڵ و هزری خاوەنەکەی نییە، بەو واتایەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بارودۆخێك دەهێننە ئاراوە کە مرۆڤ بەناچاری خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێت. ئەو بارودۆخە بەهەموو قورسایيەکەوە خۆی بەسەریدا دەچەسپێنێت و چارەنووسی بۆ دیاری دەکات.

لەراستیدا (كێشەی كۆمەڵایەتی) یەك پێناسەی گشتگیری نییە، سەرەڕای ئەوەش لە گەلێك لایەنەوە پێناسە كراوەو شیكراوەتەوە، لەوانە (رۆدنی ستارك) پێیوایە ((كاتێك دیاردە دەبێتە كێشەی كۆمەڵایەتی كە ژمارەیەكی زۆری خەڵك، یان ژمارەیەكی بەهێز و دیاری خەڵك بیزانن، تەنانەت ئەگەر ئەو زانینەش پێچەوانەی راستی بێت،...... چونكە تەنیا بوونی دیاردەیەكی بە ئازار لەناو كۆمەڵگە بەو واتای كێشەی كۆمەڵایەتی نایەت، بەڵكو دەبێت ئەو هۆكارانە لەبەرچاو بگیرێت كە كاردانەوەیان لەناو خەڵكی دەبێت)) ( استیتیە،2012: 19-20)، ئەم پێناسەیە زیاتر جیاوازی لەنێوان دیاردە و كێشەی كۆمەڵایەتی دەكات و هەروەها رۆڵی خەڵك و كۆمەڵگە لە زانینی كێشەكە بەمەرجی ئەوە دادەنێت كە رووداوێك لە دیاردە تێپەڕ دەكات و دەبێتە كێشەیەكی كۆمەڵایەتی. لەلایەن خۆیەوە ( لۆرەنس فرانك) وا پێناسەی دەكات و دەڵێت: (( دژواری یان خراپ هەڵسوكەوتكردنی ژمارەیەكی زۆری خەڵكییە، بەشێك داوای پێویستی ریشەكێشكردن و چاككردنی دەكەن)) (ئەلحەسەن، 2012: 470) ، لەم پێناسەیەشدا جەخت لەسەر هەڵسوكەوتەكانی خودی مرۆڤ كراوەتەوە كە دەبێتە هۆكاری هاتنەكایەوەی كێشەی كۆمەڵایەتی، كە ئەمەش پێویستی بە چارەسەركردن و چاككردنە. هەر لەم چوارچێوەیەشدا (لۆرد ولییەم بیفردج) وای بۆ دەچێ كە ((كێشەی كۆمەڵایەتی دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی بەدەنگ و رەنگە كە ژیانی ژمارەیەكی زۆری تاكەكانی كۆمەڵگە دەشێوێنێ و كاریگەریی نەرێنی لەسەر كارتێكردن و پەیوەندییەكانیان دادەنێت، كە ئەمەش پێویستی بە كارێكی رێكخراوی بەكۆمەڵی هەیە، بەمەبەستی لەناوبردنی و نەهێشتنی شوێنەوارەكانی)) (عبدالحافظ، 1982: 216-217)، ئەم پێناسەیەش جەخت لەسەر پێوەرە شارستانییەكان و كار و كردەوەكانی رۆژانەی تاكەكانی كۆمەڵگە دەكاتەوەو ئەوەش بە پێویست دەزانێت كە بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەبێت كاری رێكخراوی بە كۆمەڵی لەبەرانبەردا ئەنجام بدرێت. هەر لەم روانگەیەوە (باول هورتون) رای وایە كە كێشەی كۆمەڵایەتی (( بارودۆخێكی نائارەزوومەندانەی كۆمەڵایەتییە كە بەشێوازی نائارەزوومەندانە كاریگەریی لەسەر ژمارەیەكی زۆری خەڵك دادەنێت و ئەو هەستەیان لەلا دروست دەكات كە كارێك بكەن و چارەسەرێكی بۆ بدۆزنەوە لەرێگەی هەوڵ و كاری بە كۆمەڵی كۆمەڵایەتی)) ( راغب،1994: 7). لێرەشدا جەختكردنەوەیە لەسەر ئەوەی كە كێشەی كۆمەڵایەتی بارودۆخێكی نەخوازراوە و لەسەر خەڵك دەچەسپێت و پێویستی بەوەش دەبێت كە كاری بە كۆمەڵی بۆ نەهێشتنی بكرێت. هەروەها (ویلسلی) كێشەی كۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی كە (( بەشێكە لە رەفتاری كۆمەڵایەتی كە ئازار و نەهامەتی تایبەتی یان گشتی لێوە بەرهەم دێت و ئەمەش رێوشوێنێكی بەكۆمەڵی بەرەنگاربوونەوەی دەخوازێت)) (بدر،1985:10) لێرەدا كێشەی كۆمەڵایەتی بە بەشێك لە رەفتاری كۆمەڵایەتی لەقەڵەم دراوە و چارەسەریشی بە كاری بە كۆمەڵ داندراوە. هەروەها (لیمرت) كێشەی كۆمەڵایەتی بۆ لادانی كۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت : ((كێشەی كۆمەڵایەتی ئەو لادانەیە كە لەناو چوارچێوەی كۆمەڵگە روودەدات و لەو بازنانەشدا دەسوڕێتەوە كە لە تاكدا دەست پێدەكات و لە گروپ كۆتایی دێت)) (الغزوي،2000:365). لێرەدا كێشەی كۆمەڵایەتی وەكو لادانێكی رەوشتی سەیر دەكرێت و چارەسەریشی هەر لەچوارچێوەی چارەسەرییە رەوشتییەكانەوە دەبێت.

لە كۆی گشتی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا دەگەینە ئەو رایەی كە كێشەی كۆمەڵایەتی فرە رەهەند و فرە لایەنەو پێناسەكردنی ئاڵۆزو دژوارە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی كە كێشە كۆمەڵایەتییەكان خودی خۆیان چەندین جۆر و لایەن و رەهەندی جیاوازییان هەیە (( بەڵام خەسڵەتێكی گشتی و هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە كە كێشەی كۆمەڵایەتی رووكارێكە لە رواڵەتەكانی نەبوونی رێكخستنی كۆمەڵایەتی یان هەڵوەشان و شی بوونەوەی كۆمەڵگە، بەشێوەیەكی گشتی كار دەكاتە سەر تاك و گرووپ و كۆمەڵگە، رێككەوتنێك لەسەر ئەوە هەیە ئەگەر بمانەوێت دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی بە كێشەیەكی كۆمەڵایەتی هەژمار بكەین، پێویستە كۆمەڵ هەست بە بوونی بكات ، پاشانیش پێویستە كاركردنێكی بە كۆمەڵی رێكخراو بۆ چارەسەركردن و رزگاربوون لە خراپەكارییەكانی هەبێت)) (ئەلحەسەن، 2012: 470) لێرەدا دەبێ جیاوازی لەنێوان دیاردەی كۆمەڵایەتی و كێشەی كۆمەڵایەتی بكەین بەوەی كە دیاردەی كۆمەڵایەتی رووداوێكی ناوازەو نوێیە و هێشتا بەتەواوەتی لەناو كۆمەڵگە رەگی دانەكوتاوە، بە پێچەوانەوە كێشەی كۆمەڵایەتی ئەو كێشانەن كە لە كۆمەڵگە بڵاوبۆتەوەو تاك بە تاكی كۆمەڵگە زانیاری و مەعریفەی لەبارەیانەوە هەیە. بەو واتایەی كێشەی كۆمەڵایەتی سەرەڕای فرەیی جۆرەكانی، بەڵام دۆخی دیاردەیی تێپەڕ كردووەو دۆخێكی چەسپاوی وەرگرتووە، كە ئەو دۆخە چەسپاوە بەدوای چارەسەری و رزگاربوون لە ئاسەوارەكانی ئەو كێشانەی دارشتووە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە لێكۆڵینەوە لە كێشە كۆمەڵایەتییەكان و دانانی چارەسەركردن و رزگاربوون لێی بەو واتایە نایەت كە كۆمەڵگەیەك بێتەكایەوە خاڵی بێت لە كێشەی كۆمەڵایەتی و كۆمەڵگەیەكی نموونەیی و یۆتوبیا بێت، چونكە كۆمەڵگە بەو پێیە یەكەیەكی جووڵاوەو هەمیشە لە گۆڕان و نوێبوونەوەدایە، كە سەرەڕای پێشكەوتنەكانی و زیادبوونی هۆشیاری تاكەكانی لە روانگەی مەعریفی و نیشتانی و نەتەوەییەوە، لەگەڵ ئەویشدا كێشە كۆمەڵایەتییەكانیش زیاتر دەبن، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕان و نوێبوونەوانەی خودی كۆمەڵگە خۆی دەبێت كە لە ئەنجامی ململانێی نێوان پێورە كۆمەڵایەتییەكان و حەزو ئارەزووەكانی تاكەكانی كۆمەڵگە لەپێناو خۆشگوزەرانی و بەدەستهێنانی سامان، كە ئەمانەش وا دەكەن پەشێوی كۆمەڵایەتی بێتەكایەوە و كێشە كۆمەڵایەتییەكانی لێ دروست ببێت.

بێگومان كۆمەڵێك هۆكار كاریگەرییان لەسەر دروستبوونی كێشەی كۆمەڵایەتی هەیە، بەتایبەتیش پێشكەوتنی مرۆڤایەتی و دۆزینەوە و داهێنانی زانستی كە وا دەكات هەمیشە شێوازەكانی ژیان گۆڕانكارییان بەسەردا بێت و ئاستی بژێوی خەڵكی بەرزتر ببێتەوە، بەهۆی ئەمەشەوە گۆڕانی كۆمەڵایەتی هەنگاو بەهەنگاو دێتەكایەوە وەكو داخوازییەك بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییەكانیان و بەمەش چین و توێژی نوێ پەیدا دەبن كە بەرژەوەندی و هۆشیاری و ئامانجی جیاوازی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیرییان هەیە، لەم روانگەیەوەشەوە هێزی نوێی كۆمەڵایەتی دروست دەبێت كە بابەتی نوێی كۆمەڵایەتی و ململانێی كۆمەڵایەتی جیاوازییان لەگەڵ نەوەكانی پێش خۆیان هەیە، كە ئەمانە هەموویان دەبنە هۆكاری ئەوەی كێشەی كۆمەڵایەتی سەرهەڵبدات (حسن، 2012: 180).

دیارە لێرەدا بەهۆی قووڵی و تێكچرژانی هێزو چین و توێژە كۆمەڵایەتییەكانەوە، كێشە كۆمەڵایەتییەكانیش شێوە و فۆرم و قەبارەی جیاواز وەردەگرن و بەو هۆیەشەوە ئەستەم دەبێت سنوورەكانیان دیاری بكرێن و روون بكرێنەوە، چونكە لەگەڵ پێشكەوتنەكان كێشە كۆمەڵایەتییەكانیش گۆڕانكاری بەخۆیانەوە دەبینن، ئەمەش وا دەكات كێشە كۆمەڵایەتییەكان جۆرێك لە تەمومژ و نادیاری لەخۆبگرن. توێژەران بۆ روونكردنەوەو شیكردنەوەو زاڵبوون بەسەریدا، هۆكارەكانی كێشە كۆمەڵایەتییەكان بۆ چوار گروپ دەگەڕێننەوە، گرووپی یەكەم ئەو كێشە كۆمەڵایەتیانەن كە پەیوەستن بە تاكی كۆمەڵگەوە و بەهۆی رەفتارەكانی تاكەوە سەرهەڵدەدەن. گرووپی دووەم ئەو كێشە كۆمەڵایەتیانەن كە پەیوەستن بە ژینگەی سروشتی هەر كۆمەڵگەیەك، چونكە ژینگەی هەر كۆمەڵگەیەك لەگەڵ كۆمەڵگەیەكی دیكە جیاوازە، گرووپی سێیەمیان پەیوەستن بە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp156-164

ژینگەی کۆمەڵایەتی ، لەبەر ئەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگەیەك تایبەتمەندی  خۆی هەیە و جیاوازە لەئەوانی دیکەوە. گرووپی چوارەمیشان پەیوەستە بەهۆکاری گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان کە کۆمەڵگە پێیدا تێپەڕ دەبێت. (عبدالحافظ، 1982: 222 -223).

لەراستیدا گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری گەورەیان لە دروستبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، چونکە ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانە کۆمەڵگە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی دیکەی جیاواز دەگوازنەوە، لە ئەنجامی ئەو پرۆسەی گوازتنەوەیەدا کێشە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبن، چونکە چەندین ئاستی گۆڕانکاری سەرهەڵدەدەن کە تاك و گرووپەکانی کۆمەڵگە لەبەرانبەریاندا هەڵوێست وەردەگرن، لە گرینگترین ئەو ئاستانەشدا:

- گۆڕانکاری لە ژیانی ماددیدا ، واتە گۆڕانکاری لە تەکنەلۆژیا و شێوازەکانی بەرهەهێنان و ژیان و پەیوەندییە ئابوورییەکان و شێوەکانی کارو بەرهەم.
- گۆڕان لە ژیانی روحیدا، واتە گۆڕانکاری لە هزرکردن و داب و نەریت و بەها و چەمکەکانی خێزان و کۆمەڵگە و یاسا و ...تاد .

گەلێك جاریش گۆڕانکارییەکان لە ژیانی ماددی زۆر خێراتر روودەدات لەچاو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ژیانی رووحیدا روودەدەن، ئەمەش بۆشاییەك لەنێوان هەردوو ژیانی ماددی و رووحیدا دروست دەکات و لەو بۆشاییەشدا کێشە کۆمەڵایەتییەکان سەرهەڵدەدەن، ئێمە هەمیشە گۆڕانکارییەکانی شێوازی کارو بەرهەمهێنان و ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و تەکنەلۆژیان لە ماڵ و شوێنی کارکردنمان بە ئاسانی هەست پێ دەکەین، بەڵام گۆڕانکارییەکانی داب و نەریت و چەمك و بەهاکانی تایبەت زۆر بەهێواشی لە ژیانماندا گۆڕانیان بەسەر دا دێت، تێبینی ئەوەش دەکەین کە پەروەردە و راگەیاندن شۆڕشی گەیاندن و تەکنەلۆژیا خەڵکی وشیارکردۆتەوە و لەهەمانکاتیشدا پێداویستییەکانیانی فراوانتر کردوون، لەبەرانبەریشدا داب و نەریت و چەمکەکانی خێزان  و کۆمەڵگەیی گۆڕانەکانیان هێواش و لەسەرخۆن کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی. (حسن، 2012: 180).  دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە و ئاستی پلەی سەرهەڵدان و هەستکردن پێیان کاریگەرە راستەوخۆ و ناراستەخۆیەکانیان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازن، بە سروشتی دروستبوون و سەرهەڵدانیانەوە چارەسەرەکانیشان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاواز دەکەوێتەوە .

## تەوەرەی دووەم: کێشەی کۆمەڵایەتی و رۆمان

پەیوەندی نێوان ئەدەب و بواری کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی تۆکمە و مەودا درێژە، چونکە بەحوکمی ئەوەی کە دەقی ئەدەبی زادەی هەڵقوڵاوی ژینگەی کۆمەڵایەتییە و لەهەناوی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە دێتە دەرەوەو لەدایك دەبێت، لەهەمانکاتیشدا نووسەریش تاکێکە لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگەکەی و تاکێکی کۆمەڵایەتییە و هەرگیز ناتوانێت بە تەنیا دوور لە خەڵکی و لە کۆمەڵگەکەی بژیت، نووسەریش وەکو هەر تاکێکی کۆمەڵگەکەی بەشێکی ناو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگەکەیەتی بەهەردوو دیوە ئەرێنی و نەرێنییەکەیەوە. بۆیە ئاساییە کە هەم دەقی ئەدەبی و هەمیش نووسەرەکە لەژێر کاریگەری ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەدا بن کە تێیدا دەژین و کێشەو گرفت کۆمەڵایەتییەکان رەنگدانەوەیان لەسەری هەبێت و بە ئاگا، یان بێ ئاگا دەقەکانیان رەنگرێژ بکات .

دیارە بابەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بابەتگەلێکی هەستیارن و پەیوەستن بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆیە باسکردنیان پێویستی بە هەڵوێست و بوێرییەوە هەیە. بەتایبەتیش ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە باسکردنیان جۆرێك لە قەدەغەکراوی لەسەرە. ئەم باسکردنەش ئەگەرچی لە هەردوو ژانری شیعر و چیرۆك بەدی دەکرێت و هەڵوێستی شاعیر و چیرۆکنووسان لەوبارەیەوە تۆمارکراوە، بەڵام رۆمان بەو پێیەی کە ژانرێکی سەردەمیانەی فرە رەهەندو فرە تەکنیکە و خاوەن پانتاییەکی فراوانە زیاتر لە بارو لێهاتووە بۆ باسکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەوردی و درێژییەوە کە وا دەکات بابەتەکە حەقی خۆی وەربگرێت و وێنایەکی تەواویش لەسەر کێشەکە لەلای خوێنەر دروست بکات و تەواوی رەهەندەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەلای روونتر بکاتەوەو هۆشیارییەکی پێویستی لەلا بخولقێنێت.  بۆیە (( رۆمان پێوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە کۆمەڵ ولایەنە هەمە چەشنەکانی، لەبەر ئەوەی کێشەی کۆمەڵ لەبن نایەت و بەپێی سەردەم  دەگۆڕێت، رۆمانیش هەر بەردەوام دەبێ لەگەڵ ئەو جۆرە گۆڕانکارانەی بەسەر بارودۆخی کۆمەڵدا دێت، چونکە رۆمان باشترین رەگەزەکانی ئەدەبە و دەتوانێ ببێتە ئاوێنەیەك بۆ پیشاندان و رەنگدانەوەی کێشەکانی کۆمەڵ)) ( گەرمیانی، 1999: 4).   لەهەمانکاتیشدا رۆمانوسیش دەستکراوە بکات بەوەی بەروونتر و بەفراوانی هزر و بیروبۆچوونەکانی لەمەڕ کێشە کۆمەڵایەتییەکە بخاتەڕوو و بە وردەکارییەوە راوبۆچوونەکانی بۆ خوێنەران بگوازێتەوە. (( کاتێك رۆمانووسێك حەکایەتێك دەکاتە بناغەی  ڕۆمانێك ئەوە دەیەوێت کێشەکانی ناو کۆمەڵگە بە شێوەیەکی بەرفراوان و لە چەند روانگەیەکی جیاوازەوە  بخاتەڕوو)) ( ئەڵوەنی، 2017: 53) ، کەواتە رۆماننوس لایەن و رەهەند و سیماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی شیدەکاتەوەو شرۆڤەی بۆ دەکات و پاشان هەوڵدەدات خەسڵەتە سەرەکییەکانی دیاری بکات و بۆ ناو دەقی رۆمانەکەی بگوازێتەوە. بەم جۆرەش رۆماننوس یان ئەوەتا واقعێکی نموونەیی پیشان دەدات، یاخود دووبارە ئەو واقیعە لەناو دەقەکەیدا بونیادەنێتەوە.

باسکردنی رۆمان لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی تەکنیکەوە لەهەردوو لایەنی کارەکتەر و رووداوەوە بەزەقی بەدیار دەکەوێت، بەهۆی ئەوەی کارەکتەر ئەو کەسایەتییەیە کە رۆماننوس دروستی دەکات و هەوڵ دەدات لایەنی دەروونی و رەفتار و هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی وێنا بکات کە ئەمەش لەچوارچێوەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە دەبێت کە کارەکتەرەکە تێیدا دەژیت، کە بەهۆیەوە بەشێکی زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان وێنا دەکرێن و تانوپۆیان لە دوو توێی رۆمانەکاندا دەخرێنەڕوو، دیارە ((کارەکتەری رۆمان بەرجەستەکەری ژیان و کێشەو وئامانجەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، بۆ ئەوەی کارەکتەریش ببێتە مایەی ڕاکێشانی خوێنەر، پێویستە لە چوارچێوەیەکی  هونەریی جواندا وێنە بکێشرێت و بتوانێت جۆرە جیاوازەکانی مرۆڤ لەخۆیدا بەرجەستە بکات )) (ئەڵوەنی، 2017: 104) بۆ ئەوەی بتوانێت کێشە کۆمەڵایەتییەکان وێنا بکات و وردەکارییەکانیان بخاتەڕوو. هەروەها رووداویش یەکێکە لەو توخمە سەرەکییانەی کە رۆڵی گرینگیان لەخستنەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، چونکە رووداو هەمیشە بەدوای گرێیەك و کێشەیەك دەگەڕێت تا لەناو دەقەکەدا بەرجەستەی بکات، رۆماننوس گەلێکجار کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە بەشێك لە رووداوەکان و بەرجەستەیان دەکات، بە ئامانجی ئەوەی هۆشیاری زیاتر لای خوێنەران لەسەر ئەو کێشانە دروست بکات و چارەسەری گونجاویشیان بۆ دیاری بکات و ئاسەوارە نەرێنییەکانیشان لەسەر تاك و کۆمەڵگە کەمتر بکاتەوە (( رووداوەکانی نێو رۆمان باسی تەنگژەکانی مرۆڤ دەکەن، سەرچاوەی سەرەکی ئەم رووداوانەش ژیانی کۆمەڵایەتییە و رۆماننوس وەك شایەتحاڵێك لەسەر ژیانی سەردەمەکەی دەیگرێتەوە،

ئەمەش بەو مانایە نایەت کە رۆمان کۆپی ئەو ژیانە دەکاتەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی داهێنانێکی نوێدا وێنەکانی ژیان دادەمەزرێنێتەوە)) (ئەڵوەنی، 2017: 116). ئەم کاریگەری و کارتێکردنەی نێوان رۆمان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی ئەدەبی واقیعدا گەشەی کرد و بەرەوە پێشەوە هەنگاوی هاوێشت و خۆی لە شێوە و فۆرمێکی دیکەدا دۆزییەوە کە بە ( رۆمانی کۆمەڵایەتی ) ناونرا و لە لیستی جۆرەکانی رۆماندا پێگەو شوێنێکی دیاری بۆ خۆی دەستەبەر کرد. رۆمانی کۆمەڵایەتی زیاتر پەیوەست بوو بە دیاردەکان و چۆنییەتی بەدەستخستنی شتەکان بوو بە پێی رووکارەکانی دەرەوەی، نەك بەهۆی چەمك و ناوەرۆکەکەی، ئەم دیاردانەش لە سنووربەندکردنی ئامانجەکاندا لە رۆمانی واقیعی جیا دەبوونەوە. ئەو جۆرە رۆمانە دوولایەنی لەخۆی دەگرت، یەکەمیان کێشەو گرفتە رۆژانەییەکانی خێزانی دەخستەڕوو، ئەو کێشەو گرفتە ئاساییانەی کە هەموو خێزانێك لە ژیانی رۆژانەیدا رەنگە رووبەرووی ببێتەوە، دووەمیشیان جەخت کردنەوە بوو لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتیی و سۆزدارییەکانەوە ( ایغوف،1989: 81-82).

## بەشی دووەم: رەهەندەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی لە رۆمانەکاندا

دیارە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا جێگەی بایەخی رۆمانوسی کورد بووەو لە دوو توێی رۆمانەکاندا ئاوڕیان لەو کێشانە داوەتەوە و کردوویانەتە بەشێکی گرینگی رووداوەکانیان بەهۆی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییانەوەش رۆماننوسان روانگەی هزرو بیرکردنەوەیان بۆ خوێنەران بەیان کردووەو و پەیام و مەبەستەکانیان گەیاندووە و هەوڵیانداوە وەکو کەسانێکی رۆشنبیر و پێشەنگ بەشداری لە کەمکردنەوەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە و خستنەڕووی ئاسەوارە نەرێنییەکانیان بکەن، بۆیە لە چوارچێوەی رووداوەکاند تانوپۆی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە و بە فراوانی و وردەکارییەوە شییان کردۆتەوە. دیارە ئەمەش لەڕووی تەکنیکییەوە یارمەتیدەری رۆمانوسیش بووە کە توانیویەتی لەڕووی هەردوو توخمی کارەکتەر و رووداوە سوود لەو کێشە کۆمەڵایەتییانە وەربگرێت و کەسایەتی کارەکتەرەکانی لەسەر بنیات بنێت و رەوتی رووداوەکانیشی لەسەر دروست بکات. ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە کە لەناو رۆمانەکاندا خراونەتەڕوو گەلێك هۆکاری لەپشتە و لێرەدا لەرێگای چەند تەوەرێکەوە، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو رۆمانەکان دەخەینەڕوو :

### تەوەرەی یەکەم: کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان

بارودۆخی خێزانی و کێشەو گرفتەکانی ناو خێزان کاریگەری لەسەر دروستبوونی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە هەیە کە دەبێتە هۆکاری لێکترازانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کاریگەری و کارتێکردن لەسەر ژیانی ئەندامەکانی دەهێنێتە کایەوە. لەم چوارچێوەیەدا لەرۆمانی (**تۆڵە**)ی (**محەمەد موکری**)دا لەرێگای خستنەڕووی ژیانی تایبەتی کارەکتەری سەرەکی (مستەفا)وە، رۆماننوس کێشەی کۆمەڵایەتی ئەو خێزانەی باسکردووە و کاریگەرییەکانی لەسەر رووداوی سەرەکی و جووڵەو رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی کارەکتەرەکانەوە روون کردۆتەوە. هەر لەسەر زاری (مستەفا)هوە رۆماننوس رووکارەکانی ئەو کێشەیەی کە دووچاری ئەو خێزانە بۆتەوە دەخاتەڕوو (( **من خەڵکی ئەو دێیەم ، ناوم مستەفایە و زۆرجاریش پێم دەڵێن (مچە).. باوکم یەکێك بوو لەو جوتیارانەی ساڵی یەك ــ دوو جار هاتووچۆی شاری دەکرد... دایکم نەمابوو، باوەژنم هەبوو ـ من لەماڵی باوکم دەرکرابووم، لەماڵی (حەمە)ی خاڵۆمدا ژیانم دەگوزەراند**)) (تۆڵە: 4). لێرەدا وەکو سەرەتایەك کێشەی ئەو خێزانە خراوەتەڕوو کە بەهۆی مردنی دایکی و ژنهێنانەوەی باوکی و دەرکردنی لەماڵەوە روویداوە، رۆماننوس زیاتر وردەکارییەکانی ئەو حاڵاتانە کە بوونەتە هۆکاری ئەو لێکترازانە دەخاتەڕوو، ئەمەش هەر لەسەر زاری (مستەفا)هوە دەبێت ((**دایکم بەسەر منەوە چوو، دایکی باوکم بەخێوی کردم، گوایە شیری مانگای دەدامێ، هێشتا چلەی دایکم نەچووبوو، باوکم ژنێکی دی هێنا.. پاش یەك دوو مانگێکیش، نەنکم مرد... نازانم چ کەسێك ناوی (سەرە خۆرە)ی لێنام، بێ پەنا و دەرەتان مامەوە، چ کەسێك نەبوو بمگرێتە خۆی، تەنها ماڵی (خاڵە حەمەم) نەبێت**)) (تۆڵە:6) بەمشێوەیە دەبینین کارەکتەری سەرەکی لە ناو خێزانەکەی خۆیدا ژیان ناگوزەرێنێت، بەڵکو دووچاری لێکترازانێك بۆتەوە، ئەو کێشەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دایکی مردووە. لەهەمان کاتیشدا باوکی دەریکردووە، ئەمەش لەو حاڵەتەدا دەردەکەوێت کە (خاڵە حەمە) لەناو خەڵکی ئاواییدا بەڕووی باوکی کە (حاجی محێدین)ه دادەداتەوە ، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بووە خەڵکی گوندی سۆزێکی زۆریان بۆ ئەو هەبووەو تەنانەت زۆربەی ئافرەتانی گوندەکە شیریان پێداوە، ئیدی ئەو کێشەیە وا دەکات کارەکتەری سەرەکی (مستەفا) لەجیاتی خێزانەکەی خۆی، تەواوی ماڵەکانی گوند ببنە خێزانی و لەباوەشی بگرن و لەبەرامبەریشدا باوکی رقێکی زۆری بەرانبەر ئەو هەڵوێستە هەڵدەگرت، هۆکاری ئەو رق لێهەڵگرتنە لەو کوڕە و هەروەها دەرکردنی لەماڵەوە، لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە (مستەفا) خۆی چۆنییەتی بەیەگەیشتنی دایك و باوکی دەگێڕێتەوە (( **کەرێك دەچێتە نێو تووتنەکەیان ، ئەویش ـ دیارە چەن جارێك بەخاوەنەکەی گوتووە بەڕەڵای نەکات و زەرەر نەدات. دووریش نییە خاوەن کەر، هەر گوێی نەدابێتێ ـ باوکم تووڕە دەبێتن کلك و گوێی کەرەکە دەبڕێت، خاوەن کەر بەمە دەزانێت. برایەکی باوکم دەکوژێت، باوکیشم دەستبەجێ خاوەن کەر سەردەبڕێت، ئیدی دووژمنایەتییێکی گەرم دەکەوێتە نێوانیان ، کەسوکاری خاوەن کەر دەستیان ناگاتە باوکم لەفرسەتێکدا باپیرم دەکوژن ئیتر خەڵك و خوا دەکەونە نێوانیانەوە، سوڵحیان پێدەکەن و لە بری خوێن دایکم دەدەنە باوکم**)) (تۆڵە :19-20) . دیارە پێکهێنانی خێزانێك بەو جۆرە پەیوەندییەکی تەندروستی کۆمەڵایەتی لەناویدا دروست نابێت و ئەمەش یەکێکە لەرووکارەکانی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و داخراو، چونکە بەهۆیەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هاوسەرەکان بەهیچ شێوەیەك سروشتی نابن، ئەمەش راستەوخۆ لای باوکی رەنگیداوەتەوە و بە ئاشکرا لەناو گوند باسی لێوە کردووە، ئەم بارودۆخەش کاریگەرییەکی لەسەر کوڕەکەیان (مستەفا) دادەنێت و بەتەواوەتی باوکی رقی لێ هەڵدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی (مستەفا) لەگەڵ باوکی زۆر باش دەبێت و هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەو کێشەیە نەهێڵێت و کۆتایی پێ بهێنێت و دەشیویست خۆی ئەو هەنگاوە هەڵبهێنێت (( **گەلێك جار ـ بەتایبەتی لە جەژندا ـ حەزم دەکرد بچمە ماڵی باوکم، گەلێك هانی خۆم دەدا، شەوان بڕیارم دەدا، بەیانیش پەشیمان دەبوومەوە ، دەترسام و نەدەچوومە ماڵەکەی، نەوەك دەرم بکات، بۆیە هەر لەدوورەوە چاوم دەبڕییە دەرگاکە و بەس!**)) (تۆڵە :9). جیا لەمانەش باوکی لە ژنەکەی دیکەدا دوو کوڕی هەبوو کە لە قوتابخانەی گوند لەگەڵ (مستەفا)دا بەیەکەوە دەیانخوێندو هیچ کێشەو گرفتێکیشان نەبوو ، ئەو حاڵەتە دروستییەی دروونی و کۆمەڵایەتی کە لەنێوان (مستەفا) و هەردوو کوڕی باوەژنەکەی هەیبوو، دواتر بووە هۆکاری ئەوەش کە (مستەفا)بێ هیچ کیشەو گرفتێك لەگەڵیاندا بگونجێت، بەتایبەتیش کە باوکی لەپڕ دەیباتەوە ماڵەکەی خۆیان و دووبارە لەگەڵیان ژیان بەسەر دەباتەوە. لێرەدا تێبینی دەکەین کە کێشەی ئەو خێزانە لەم قۆناغەدا بەهۆی گیروگرفتی کۆمەڵایەتییەوە بووە، کاتێکیش ئەندامەکانی ئەو خێزانە یەکدەگرنەوە و لەگەڵ یەکتر دەژین، دووبارە دووچاری لێکدابڕان دەبنەوە، ئەویش بەهۆی مردنی

دایكیان و دواتریش بەهۆی شەهیدبوونی باوك و براكانییەوە، دووبارە (مستەفا) دەگەڕێتەوە سەر حاڵەتی یەكەم و لەخێزانەكەی دەترازێت، بەڵام ئەمجارەیان لێكترازانەكە هەمیشەییەو ئەندامانی خانەوادەكەی كەسیان لە ژیاندا نەماون.لێرەدا كێشەیەكی كۆمەڵایەتی زۆر بەوردەكارییەوە لەلایەن رۆمانوسەوە خراوەتەڕوو و لە چوارچێوەی رووداوی رۆمانەكەدا ئەوە روون كراوەتەوە كە خێزان وەكو یەكەیەكی بنەڕەتی كۆمەڵگە لەرێگەی كێشەی كۆمەڵایەتییەوە دووچاری داڕمان و لێكترازان بۆتەوە، ئەندامەكانی كە لەهەمانكاتیشدا كارەكتەری رۆمانەكەن دووچاری بارێكی دەروونی و كۆمەڵایەتی ناهەموار بوونەتەوە و ئاسەوار و كاریگەرییەكانی ئەو كێشە كۆمەڵایەتییەیان بەتەواوی لەسەر هەڵسوكەوت و رەفتاریان رەنگیداوەتەوە، رۆمانوس لەرێگەی باسكردنی كێشەی كۆمەڵایەتی خێزانەوە هۆشیارییەكی فراوان لەسەر خێزان و كێشەكانی لەلایەن خوێنەرەوە دروست دەكات و پەیام و مەبەستەكانی بۆ چارەسەركردنی ئەو جۆرە كێشە كۆمەڵایەتییانە بە ئاشكرا لە دووتوێی دەقەكەدا نیشان دراون كە كێشەی كۆمەڵایەتی دەبێتە هۆكاری هەڵتەكاندنی بنەماكانی خێزان و ئاسوودەیی و دڵنەوایی ئەندامەكانی دەرەوێنێتەوە و لەجێگەیدا پەشێوی و راڕایی و تەنیایی دەچێنێت. هۆكاری ئەو كێشەی كۆمەڵایەتییە كارەكتەری باوكی (مستەفا) بووە كە نەیتوانیوە خێزانێك بنیات بنێت دوور بێت لە كێشەی كۆمەڵایەتی .

لەرۆمانی (**توانەوە**)ی (**غەفور سالح عەبدوڵلا**)دا كێشەیەكی كۆمەڵایەتی دەبینین كە بووەتە هۆكاری ئەوەی خێزانەكان لەبەر یەك هەڵبوەشێنەوە و كاریگەری گەورەش لەسەر ئەندامەكانی دابنێن. بۆ نموونە (قارەمان)ی كارەكتەری سەرەكی، بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەكانی لەگەڵ ماڵی (حەسەن)ی مامی و خزمەكانی دیكەی دەپچڕێنێت، كاریگەری لەسەر هەڵسوكەوت و رەفتارو ئایندەی ئەو كارەكتەرە دەبێت، چونكە لەلایەكەوە ماڵی مامی لە چینی دەوڵەمەند بوون و بێزیان لە بوونی (قارەمان) لەناو ماڵەكەیاندا دەكرد. تەنانەت كە باوكیشی مرد بەشدارییان لە پرسەكەشیدا نەكرد و لەبەشی ناوەخۆیدا درێژەی بە ژیاندا، دوای ئەوەی كە دایكیشی مێردی بە جووتیارێكی گوندەكەیان كردەوە، لەدایكیشی دابڕا. بەمشێوەیە كارەكتەر دووچاری لێكترازانێكی گەورەی كۆمەڵایەتی هاتەوەو تەنانەت ئەو خێزانەشی كە پێكهێنابوو و كوڕێكیشان هەبوو، بەهۆی شەڕەوە خێزان و كوڕەكەشی دەمرێت ((**ئەو دەمەی بۆ ناو شار گەڕایتەوە تەنیا بووی، نە ـ دلێر ـ ونەدایكی دلێر ـ ئافتاوت ـ لە تەكا بوون، ئەوانیش هەردووكیان بەرۆژێك لەگەڵ كوختە خێر خواكەتان بوونە خۆڵەمێش**)) (توانەوە :141). ئەم كێشە كۆمەڵایەتییە كاریگەری و كارتێكردنی گەورەی لەسەر شێوەو شێوازی ژیانی (قارەمان) داناوە و بەهۆیەوە لە هەڵسوكەوت و رەفتارەكانییەوە لەلایەنی دەروونی و كۆمەڵایەتییەكانی ئەو لێكترازانە بەڕوونی دەبینرێت و هەستی پێ دەكرێت .

لەرۆمانی (**كانگەی بەڵا**)ی (**حسام بەرزنجی**)دا خانەوادەی (دارا) كە كارەكتەری سەرەكییە دووچاری كێشەی كۆمەڵایەتی دەبێتەوە. هۆكاری سەرەكی ئەم كێشەیەش بۆ ئەو ماڵ و سامانە دەگەڕێتەوە كە بەهۆی دزیكردن و رێگای ناڕەواوە بەدەستیان كەوتووە، كە ئەمەش راستەوخۆ كاریگەری لەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی ناو خێزانەكەی كردووە. سەرەتای ئەو لێكترازان و هەڵوەشاندنەوەیە بۆ ئەو كۆبوونەوەیە دەگەڕێتەوە كە تێیدا باوكیان رایگەیاند(( **دەمەوێ هەرچی كارگە و خانووبەرەو پارەو پوولێكی لە بانقیشم هەیە، هەمووی لەسەر ناوی خۆما لابەرم، هەتا ئەگەر تەقەزایە تێشبگلێم، ماڵ و سامانەكەمان لەكیس نەچێ و ئێوە بۆ خۆتان پێ یەوە راپەڕموون و بە ئاسوودەیی بژین**)) (كانگەی بەڵا : 109-110). بەڵام دواتر دەردەكەوێت گشت ئەو ماڵ وموڵكەی خستۆتە سەر ناوی (خورشید)، بەبێ ئەوەی هیچ لەو سامانە بەناوی (دارا) بكرێت، لەمەشدا جیاوازی و مشتومڕ دەكەوێتە ناویانەوە ، چونكە (دارا) بەمە رازی نابێت و رایدەگەیەنێت، سەرەڕای ئەو ناڕەزایەتییەشی كەچی لەلایەن دایك و باوكی و (خورشید)ی برایەوە بەرپەچی درایەوە و تەنانەت لەلایەن باوكییەوە جنێویشی پێدرا، بۆیە ئەو مكوڕتر بوو لەسەر ناڕەزایەتییەكانی (( **كە ئێوە مامەڵەتان لەگەڵما ئاوا بێ، چۆن لێرەوپاش فەرامۆشیم پێتان بێتەوە، چۆن دەتوانم لە ماڵی دانیشم كە ئاوا ، بە زیندوێتی چاوان فەرق و جیاوازیان بەدی دەكەم. دیسان لەشوێن خۆم هەڵسامەوە گوتم: تەنها دەمەوێ بزانم من و (خورشید) چ جیاوازییەكمان لەگەڵ یەك هەیە تا رەفتارتان ئاوا بێ... بۆچی ئێوە بەرەواژی سەیری شتان دەكەن. پێش ئەوەی گوێ لە قسەی تریان بكرم، بەكوڕ چوومە دەرەوە و ئەوانم لەناو خەم و پەژارەو گومان و بێ دەنگی دا بەجێ هێشت**)) (كانگەی بەڵا :113)، لێرەوە لێكترازانێك لەنێوان (دارا)و خانەوادەكەی هاتە ئاراوە و بەهۆی ئەو زوڵمەی كە لێی كرابوو، ئیدی سەری لەماڵەوە نەدایەوە، تا ئەو رۆژەی كە (خورشید)ی برای لەبارەی كاریگەرییەكانی ئەو لێكترازانەوە تەلەفۆنی بۆ كرد و پێی گوت : ((**دایكم بەخۆ بزركردنی تۆ گەلێك ئاڵۆزە ، باوكیشم دیسان تووشی كۆستەكەی جارانی بۆتەوە، گەلێ شپرزە بوە، لەسەر خواستی ئەوانەوە تەلەفۆنت بۆ دەكەم، باوكم دەیەوێ بتبینێ. (دارا) من لەتۆ باشتر ئاگادارم ، خەریكە باری ژیانی ناو ماڵیشمان لێ بگۆڕێ، سەبارەت بەم كابووسەی كە تووشی باوكم هاتووە سەبارەت بەم رەفتارەی كە تۆش دەیكەیت**..)) (كانگەی بەڵا :143) . دارا هەرچەندە گەڕایەوە ماڵەوە و لەگەڵیاندا سەبارەت بەو كێشەو گرفتە گەورەیەی كە دووچاریان بۆتەوە كەوتەوە گفتوگۆ. بەتایبەتیش كە پێشتر بەهۆی ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییەی باوكیان لەگەڵ هەر یەك لە (بیلال) و (وەلی) ببووە مایەی گرفتێكی گەورە، تا دواجار بەناچاری باوكی دانی بەهەموو راستییەكاندا نا و نهێنییەكانی ئاشكرا كرد كە ئەویش دایكی (خورشید) دایكی (دارا)نییە و بەڵكو زردایكییەتی، ئەمەش (دارا)ی تووشی شۆك كرد و لەهەمانكاتیشدا هۆكاری ئەو جیاوازیكردنەی لەگەڵ (خورشید)ی بۆ روون بوویەوە (( **ڕاستیان وتووە كە دەڵێن ئەگەر دایك بوو بەزڕ، باوكیش دەبێ بە زڕباب، بەڵام ئەوان، ..... هەردووكیان ئەو سەری دایان خستبوو راستیان نەكردەوە... ئەگەرچی لەو ساتە ژەهراوییەدا هەستم بە تەنهایی و بێ دەرەتانی دەكرد، بەڵام لەهەمان كاتیش دا جۆرە گوڕو تینێكی تر لەدەروونم دا سەری هەڵدایەوە. چونكە بۆم دەركەوت ئەو فەرق و جیاوازیانەی كە لەمیانەی من و (خورشید) دەكرا لەبەرچی بوو...؟!**)) (كانگەی بەڵا : 155). ئیتر دوای ئەوەی تەنیا رێگەچارە ئەوەبوو كە گشت ئەو موڵك و سامانە لەسەر ناوی باوكیان لابچێت، چارەسەری كێشەكەیان دەكرێت لەگەڵ (بیلال)دا، كەچی دایكی و (خورشید)ی برای لەژێرەوە لەگەڵیدا رێككەوتن و باوكیشیان لەماڵەوە دەركرد، دواتر (دارا)ش بەهۆی ئەو كارە دزیكردنەی لەگەڵ هاوڕێیەكانیدا دەیكات، دەستگیر دەكرێت و دەخرێتە زیندان. ئیدی بەمشێوەیە ئەو خانەوادەیە دووچاری لێكترازن و هەڵوەشاندنەوەیەكی سەخت دەبێت. رۆمانوس لەرێگەی كێشەیەكی كۆمەڵایەتییەوە توانیویەتی رەهەندەكانی خێزان و كاریگەرییەكانی پارەو سامانی حەرام لەسەر ئایندەی تاكەكان و خێزانەكان روون بكاتەوەو ئەو پەیامە بە خوێنەر بگەیەنێت كە هەموو شتێك كە لەسەر دزی و گەندەڵی بنیات نرا بێت ئەنجامەكەی هەر لەناوچوون و وێرانبوونە .

لەكورتە رۆمانی (**ماڵئاوا گوڵی خەم**)ی (**هێمدادی حوسێن**)دا رۆمانوس باس لە كارەكتەرێك دەكات كە (هوشیار)ە و لەچوارچێوەی پەیوەندی هاوڕێیەتی لەزانكۆ لەگەڵ (دلێر)دا كە دووچاری لادانی كۆمەڵایەتی بۆتەوەو خەریكی دوایێپسی و رابواردنە. ئەم كارە پڕ لەخەوشەی كەدواجاریش باجەكەی دەدات، بەهۆی كێشەی كۆمەڵایەتی

خێزانەکەیەوە هاتۆتەکایەوە، ئەمەش لەو گفتوگۆیەی کە لەنێوانیادا روودەدات ئاماژەی بۆ دەکرێت(( **باوکم لە تەمەنی چل ساڵی ژنی مردووە، دایکی منی هێناوە، لەژنی پێشووی منالّی نەبووە، ئەمجارەیان منی نۆبەرە دەبێت و دوای منیش خوا سێ کوڕ و دوو کچی تری پێ دەبەخشی، وەختێك ئێمە پێ ڕاگەیشتین، من بەچاوی خۆم دەمبینی دایکم سولّتانی ماڵەوەیە و باوکم لەژێر دەستی دایکم وەك ئامێرێکە و ئیشی پێ دەکات، ئەم دیمەنە زۆر ئازاری دەدام، خانووەکەمان دایکم بەناوی خۆی کرد ، هەرچی زێر و شتی هەبوو خستبوویە ناو جانتا و کیسەی تایبەتی یەوە و لەشوێنی تەقەتی شاردبۆیوە** )) (ماڵئاوا گوڵی خەم : 45). ئەم بارودۆخە ناهەموارەی ماڵەوەیان کاریگەری تەواوی لەسەر دەروونی (هوشیار) دادەنێت وبەتایبەتیش بارودۆخی باوکی و کەسایەتییە ڕاڕاو لاوازەی کە هەیبوو لەبەرامبەر دایکی، ئەگەر چی ئەوان لەرووی ماددییەوە هیچ کێشەیەکیان نەبوەو دەوڵەمەند بوونە، بەڵام ئەو بارە ماددییە چارەسەری کێشەکانیانی نەکردووە، ئەم کەسایەتییە باوکی ئازارێکی دەروونی زۆر گەورەی داوەو بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی ئاگاداری منداڵەکانی نەبووەو بەڵکو زیاتر لەژێر دەسەڵاتی دایکیدا و بۆ ڕازی کردنی ئەو لەژیاندا بووە (( **دنیا لای ئەو ئەوەندە بوو، دایکم نەڕەنجێ و دڵی ڕازی بێت، دایکیشم هەموو پاداشتەکانی بەوە داوە، شەوێکیان ڕەدووی کابرایەك کەوت، لەبەر ئەوە لێت ناشارمەوە ئەم دیمەنە ئازاربەخشانە بوونەتە گرێ یەکی دەروونی و کۆڵم نامرێ، هەردەم حەز دەکەم تۆڵەی باوکم لە هەموو ئافرەتێك بکەمەوە، من دەستەڵاتم بەسەر ئافرەت دا هەبێت و ئازاری بدەم...** )) (ماڵئاوا گوڵی خەم : 46). هەر ئەم هۆکارەش وەکو بەرچەکردارێك (هوشیار)ی دووچاری لادانی کۆمەڵایەتی و ئایندەیەکی نادیار کردەوە. دیارە لێرەدا کێشەی کۆمەڵایەتی خێزان لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری منداڵەوە خراوەتەڕوو و کاریگەری و کارتێکردنەکانی ئەو لێکترازان و کێشە کۆمەڵایەتییانە و ئەنجامەکانی پیشان دراون .

لەرۆمانی (**کۆردەرە**)ی (**خسرەو جاف**)دا ئاماژە بە حاڵەتێکی کێشەی کۆمەڵایەتی کردووە کاتێك باس لە خانەوادەی (خاڵۆ حوسەین)دەکات، کە ماوەیەك کارکتەری سەرەکی (ئەکبەر) لەلای ئەو شاگردی پاسەکەی کە پێیان دەوت (دۆل دۆڵ)بووە. لە ساتێکدا (ئەکبەر) باس لە خانەوادەکەی دەکات و ئاماژە بەو کێشە کۆمەڵایەتییە دەکات (( **حوسەین مەردە دوو کوڕی هەبوو، یەکێکیان مامۆستا بوو، ئەوی تریان موچەخۆری دایەرەی تاپۆ بوو، یایان کردبووە کەوشێك و ، دەبێت دۆڵ دۆڵ بفرۆشی و ئیتر ئۆتومبێل چێتی نەکات، ئەویش لەو قوماشانە نەبوو بە ئاسانی بڕواتە ژێر قسەی زۆر.. هەردووکیانی لەماڵ وەدەر نابوو، دۆڵ دۆڵیشی فرۆشتبوو، پاس قەمەرەیەکی کڕی بوو**)) (کۆردەرە ل186) لێرەدا ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە لەنێوان کوڕ و باوك دابووەو بەهۆی کێشەیەکەوە بوو کە تایبەت بە ژیانی باوکیان بووە، بۆیە باوکیان ڕایەکانی ئەوانی پەسند نەکردووەو لەماڵ دەری کردوون، کە کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی منداڵەکانیدا هەبووەو ڕێرەوی ژیانی گۆریون .

لە رۆمانی (**کێوی مەزن**)ی (**کاروان عەبدوڵلا**)دا رۆشنایی دەخرێتە سەر بارودۆخی ژیان و گوزەرانی (کارزان) یەکێك بووە لەهاوڕێیە هەرە نزیکەکانی (هیوا)ی کارەکتەری سەرەکییەوە ((**منداڵی کارزان پڕ بوو لە شەڕو شۆڕ و مەینەتی، بێ بەش بوو لە ئامێزی گەرمی دایکی و باوکی، لە خۆشەویستی و حەسانەوە، شوێنی هەرە خۆشی کارزان ماڵی هیوا بوو، لەوێ نەبوایە دڵی نەدەکرایەوە، سۆز وهەستی دایکانەی لە دایکی هیواوە بێ دەبەخشرا. هەر لەمنداڵییەوە پێوەندییان بەتین بوو تا گەورەش بوون تەنیا جارێك نەبێ، قەت لەیەکدی زویر نەبوون، هیوا وای کرد کە کارزان کەچە نوێنەکانی کە لە مزگەوت دایدنابوون و لەوێش دەنووست، فڕێ بدات و لەگەڵ خۆیشی بیباتە مەیدانی کرێکاران و لەوێ چاوەڕوانی دەستی خێرێك بن بۆ سەر کاریان بیات**)) (هەژان : 152). لێرەشدا (کارزان) بەهۆی لەدەستدانی دایك و باوکییەوە، کە رۆمانوس روونی نەکردۆتەوە بەچی لە ژیاندا نەماون، دووچاری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بۆتەوەو تەنانەت مزگەوتی کردۆتە شوێنی حەوانەوەی، بەڵام وەکو چارەسەرێکیش بۆ ئەو دابڕان و لێکترازانە، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی وەکو پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ (هیوا) و ماڵباتەکەی بەشێك لە ئازارەکانی ئەو لێکترازانەی بۆ پڕکردۆتەوە. بەشێوەیەکی گشتیش ئەو دابڕان و لێکترازانانەی ناو رۆمانەکە زیاتر بەهۆی سیاسەت و رەوشی ئەمنی و شەڕو شۆڕەکانەوە هاتۆتەئاراوەو و لە دەسەڵاتی کارەکتەرەکاندا نەبووە .

لەرۆمانی (**پەرستگەی دڵداری** )ی (**ئیسماعیل رسوڵ**)دا کێشەی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر خراوەتەڕوو، بەتایبەتیش کە بەهۆی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییانەوە کە جەمسەرێکیان خێزاندار بووە، بەهۆیەوە کێشەی کۆمەڵایەتی هاتۆتە کایەوە کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئەندامانی خێزانەکە هەبووە ، ئەوەتا کاتێك باس لە کارەکتەرێکی وەکو (نەزیرە) دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە لەگەڵ ئەو پیاوەی کە خۆشەویستی بووە، ڕەدوودەکەوێت و پیاوەکەش ماڵ ومنداڵەکەی بەجێدەهێڵێت، ئەمەش لەگفتوگۆیەکی نێوان (سەعید)و (سۆفیا) بەدیار دەکەوێت ((

**ئایا ئەوەی دەربارەی نەزیرەم بیستووە، راستە؟.... .... !**

**ـ ئا، راستە.. لەگەڵ دۆستەکەی چوونە شاری موسڵ و لەوێ هەردووکیان هاتنە سەر ئایینی ئیسلام و قازی مارەیانی بڕی .**

**بەسەرسامی یەوە سەعید دووبارە پرسیاری لێ کرد: بەڵام ئەمە چۆن رووی دا... خۆ کابرا خاوەن ژن و منداڵە.... هەموویانی جێ هێشت.؟! ژنە بەخەندەوە وەڵامی دایەوە: جا چی تێ دایە، یەکتریان خۆش دەویست هیچ ڕێگایەکی تریان لەبەردەم دا نەبوو؟ نەت بیستووە دڵداری راستەقینە پێویستی بە قوربانی دان هەیە؟!**

**ـ بەڵام کەسانی تری کردە قوربانی... ئەوەی راست بێت ئەم هەڵوێستەیان پەسند ناکەم؟!**)) (پەرستگەی دڵداری :106).لێرەدا ئەو لێکترازانە کۆمەڵایەتییە دووچاری خانەوادەی پیاوەکە بووتەوەو بێگومان کاریگەری نەرێنی لەسەریان بەجێهێشتووە و دووچاری دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی کردوونەتەوە، بەڵام رۆمانوس باسی نەکردوون و تەنیا وەکو ئاماژەی بۆ کردوون کە بەجێهێشتوون .

### تەوەرەی دووەم: دوژمنداری وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی

دوژمنداری ئەو دەردە کوشندەیە کە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا باوە و بەهۆیەوە گەلێك کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر تاك و کۆمەڵگە دروست کردووە ، ئەوەتا لەرۆمانی (**کوێخا سێوێ**)ی (**عەزیزی مەلای ڕەش**)دا کێشەی کۆمەڵایەتی کاریگەری و کارتێکردنی لەسەر رەوتی رووداوەکان و کردەوەو جووڵەی کارەکتەرەکان دروست کردووە. بەتایبەتیش کە ئەو کێشانە بەهۆی بارودۆخی رووداوە سەرەکییەکە بووە کە دوژمنداری نێوان ماڵی (ئۆمەر) و (عەشیرەتی کۆچەری) بووە. بۆیە دەبینین بنەماڵی (ئۆمەر) کە هەر چەندە لەسەرەتادا یەکگرتوو و یەکریز دەبن و بەرپەچی هێرشی دوژمنەکانیان دەدەنەوە و بەرگری لەخۆیان و زەوی و زارەکانیان دەکەن، بەڵام دواتر بەهۆی درێژبوونەوەی ماوەی دوژمنارییەکە و زیانە گیانی و داراییەکانیەوە، بنەماڵەکەیان دووچاری کێشەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوەو (ئاودەلی) برای خۆی و بنەماڵەی وازیان لێدەهێنن و بەجێیان دەهێڵن، هەرچەندە (ئۆمەر) زۆر هەوڵی لەگەڵ دا و داوای لێکرد بمێنێتەوە تا زەوی و زارەکانیان بەفەرمی لەسەر تاپۆ دەکرێت، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەنجامدانی ئەو لێکترازانە ((**کاکە سەری خۆت بە بەردی ئەحەد مەیەشێنە، ئەوەی راستی بێت تاقەتی بەردەق بەردەق**

**ئەم دوژمنایەتی یەم نەماوە. نە دەتوانم چیدیکە منداڵی خۆم بەکوشت بدەم، نەدەتوانم دەست بەرداریان بم، چاویشم لەم جۆرە موڵکە نی یە. پیرۆزی تۆ بێت. ئەو بەشەکەی خۆشم پێشکەش کردی. گەردەنت ئازاد بێت و لەسەر خۆتی تاپۆ بکە))** (کوێخا سێوێ : 114-115). ئەو لێکترازانە کاریگەری گەورە لەسەر رەوش و ژیان و گوزەرانی بنەماڵەی (ئۆمەر) دەبێت. بەتایبەتیش کاتێك (ئۆمەر) دەکوژرێت، دوژمنەکانیان سوود لەو لێکترازانە وەردەگرن و بنەماڵەی (ئاودەل) بۆ کاروکردەوەکانیان بەکار دەهێنن، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە (بایز)ی کوڕی دزی لە ماڵە مامی خۆی دەکات، بەڵام ئاشکرا بوونی لەو دزییە وا دەکات کۆتایی بەو لێکترازانە کۆمەڵایەتییە بهێنرێت و دووبارە بە یەك بگەنەوە، ئەمەش کاتێك کە (کوێخا سێوێ) لێیان دەبوورێت و دەستپێشخەری دەکات بۆ ئەوەی دووبارە ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە لەنێوانیاندا گەرموگوڕی بەخۆیەوە ببینێت. ئەم جۆرە کێشە کۆمەڵایەتییە، کێشەیەکە لەدەرەوەی خێزاندایە، بەو واتایەی زیاتر پەیوەندییە خزمەتییەکان دەگرێتەوە و پەیوەندی بە ناوەخۆی خێزانەوە نییە. دیاریشە ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە دەرئەنجامی دوژمنارییە کە دەردێکی لەمێژینەی کۆمەڵگەی کوردییە و ئاسەوار و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و دەروونی خراپی لە ناو کۆمەڵگەی کوردی دروست کردووەو دەیان کێشەی کۆمەڵایەتیشی لێوە دروستبووە کە چارەسەرکردنیان زۆر دژوارو ئاڵۆز بووە .

## تەوەرەی سێیەم: ئابووری وەك هۆکارێکی کێشەی کۆمەڵایەتی

بارودۆخی ئابووری کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر دروستبوونی زۆرێك لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، چونکە رەوشی ئابووری پەیوەستە بە ژیانی خێزان و تاك بە تاکی کۆمەڵگە، بەتایبەتیش هەژاری و نەبوونی کاریگەری گەورەیان لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگە هەیە و بەهۆیەوە گەلێك کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت کە مەترسی لەسەر ئایندەی کۆمەڵگە دەبێت و کاریگەری لەسەر رەوشی ژیانیان دروست دەکات. لەم رووەوە لەرۆمانی (**شار**)ی (**حوسێن عارف**)دا کێشەی کۆمەڵایەتی بەهۆی هەژارییەوە بەشێکی گرینگی رووداوەکان پێکدەهێنێت و کاریگەرییەکی گەورەشی لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناو رووداوەکەو هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر کارەکتەرەکانیشدا دێت، هەیە. لەوانەش ئەو کێشە کۆمەڵایەتییەی کەبەسەر خانەوادەی (سابیر)دێت، بەتایبەتیش دوای مردنی (خاوەر)ی خێزانی، کەتەنیا (مریەم)کچی لەپاش بەجێدەمێنێت و بەهۆی هەژاری و دەستکورتیشەوە ناتوانێت بەخێوی بکات، بۆیە ئەم باردۆخە وا لە (میمکە حەلیم)ی خاوەنی خانووەکە دەکات داوا لە (سابیر) بکات (مریەم) لای ئەو بێت و بەخێوی بکات (( **کوڕەکەم.... خۆت دەزانیت مریەم هێشتا لەو تەمەندا نییە کە تۆ بتوانیت لەلای خۆت بیهێلیتەوە تۆ خزمەتی منداڵێکی پێنجساڵانت پێ ناکرێ، لەبەر ئەوە حەز دەکەم لەلای منم بێ و وەك کوڕەزایەکی خۆم بەخێوی بکەم، خۆت دەزانیت من بۆ دایکی چۆن بووم و دیارە بۆ ئەمیش هەر وا دەبم، تۆش هەر لە هۆدە و هەیوانەکەی خۆتاندا دەبیت و رۆژانە بەبەرچاوتەوە دەبێ** )) (شار : 38). لێرەدا ئەو لێکترازانە بەهۆی مردنی دایکی و دەستکورتی خانەوادەکەیانەوە دەبێت، لەهەمانکاتیشدا لێکترازانێکی ئارەزوومەندانەیە و لەرێگای داواکارییەوە دەبێت و لەژێر چاودێری باوکیشی دەبێت. بەواتای ئەوەی کە ئەو لێکترازانە بارودۆخێك هێناوەتییە کایەوە کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤەکاندایە. بۆیە (سابیر) گەلێك بەو داواکارییە دڵخۆش دەبێت و رەزامەند دەبێت لەسەری. بۆیە ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە کاتیی بووەو زیاتر بۆ تێپەڕاندنی بارودۆخی هەژاری و دەستکورتی بنەماڵەکەی (مریەم) بوو .

لەدیمەنێکی دیکەدا رۆمانوس ئاماژە بەو کێشە کۆمەڵایەتییانەش دەکات کە (دەروێش کەریم) دووچاری بۆتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو ژنهێنانەیەتی کە لەلایەکەوە بەهۆی قۆستنەوەی بارودۆخی ئابووری و هەژاریی بنەماڵەکانیانەوە بووە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی تەمەنی بچووکی و منداڵی ئەو ئافرەتانە بووە کە هێناویەتی، ئەمە سەرەڕای ئەو توندوتیژییەی کە لەمامەڵەکردنی لەگەڵیاندا نواندوویەتی، بەتایبەتیش لە ئەنجامدانی کاری سێکسیدا لەوپەڕی توندوتیژیدا بووە، ئەمەش وای کردووە دووچاری کێشەی کۆمەڵایەتی ببێتەوە. ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە ئەنجامی ئەزموونی هەر سێ ژنهێنانەکەی بووە، ژنهێنانی یەکەمی لەکەرکووك بووە، کاتێك کچێکی تەمەن سێزدە ساڵانی خواستووە، بەڵام دواتر بەهۆی شەڕوشۆڕەوە تەڵاقی داوە (( **ئەو ساڵانەی لە کەرکووك بەسەر بردووە، هەر لەوێ، کچێکی سێزدە ساڵانی مارەکردووە و بەڵام کچە، تەنیا شەش مانگ ژنی بووە و ئیتر بەلایەوە دانەنیشتووە، ئەمیش دوای شەڕوشۆڕێکی زۆر لەگەڵ کەسوکاریدا تەڵاقی داوە** )) (شار:90). لێرەدا هۆکاری ئەو کێشەیە لەلایەك هەژاری و لەلایەکی دی جیاوازی تەمەن و نەگونجانیان بووە، رێگای لێکترازانەکەش تەڵاقدان بووە. لەژنی دووەمیدا بەهەمان شێوە کچێکی تەمەن بچووکی هێناوە کە لەگەڵ دایکی (پوورە رەحمە) بەهۆی ئەو هەژاری و دەستکورتی و بێ جێگاییەوە، رازی بوونە بەو کارە، بەڵام دووبارە هەڵسوکەوتی توندوتیژی بەتایبەتیش لەڕووی سێکسییەوە کاریگەری گەورەی لەسەر (پوورە رەحمە) بەجێ دەهێڵێت (( **بۆ بەیانی زوو، کاتێ پیرێژن چوو بەلای تولفەکەیەوە و پێی زانی کە دەروێش ئەو شەوە بە چ دەردێکی بردووە ، بەجۆرێك چاوی پەڕییە پشتی سەری........ هەر خێرا دەستی لێ دایە کێردێك وەك هەموو تین و توانای گەنجییتی هاتبێتەوە بەر، چووە گیانی و کونەمشکی لێ کرد بە عەمبار...... .. نەنە ڕەحمە هێشتا بەدوای دەروێشدا ڕاکەڕاکە بوون تا خەڵکەکە بەریان لێ گرت و کێردەکەیان لەدەست سەند. کە لێیان پرسی: مەسەلە چییە؟ هیچ وەرامێکی نەدانەوە. چوو پەلی فاتەی گرت .....وتی: بڕوانن ئەو بێ شەرەفە چی لێ کردووە. ئیتر بێ ئەوەی هیچی تر بڵێ، بەناویاندا بەرەو دەرگەی حەوشە بەکێشی کرد و ئاودیوی کۆڵان بوون. ئەو رۆیشتنەی رۆیشتن، ئێستا و ئەوسا نە دەروێش و خورشە و نەهیچ یەکێك لە خەڵکەکە، چاوی بەچاویان نەکەوتەوە))** (شار : 99-100). لێرەشدا هۆکاری ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە بەهۆی هەژاری و دەستکورتی خێزانی (پوورە رەحمە) بووە و ئەمە سەرەڕای ئەو توندوتیژی سێکسییەی کە لەلایەن دەروێشەوە لەبەرانبەر منداڵێکەوە پەیڕەوکراوەو ئەنجامیش بەجێهێشتنی هەمیشەیی لێ کەوتۆتەوە. خێزانی سێیەمی دەروێشیش، ئەو کاتە بوو کە (سابیر) بەزۆر (مریەم)ی کچی لێ مارەکرد، هەرچەندە مریەم بەو شووکردنەی رازی نەبوو وتەنانەت هەوڵی راکردنیشی دا و چووە ماڵی (گەلاوێژ)، بەڵام لەدواجار بە زەبری یاسا هێنایانەوە و بۆ ژێر دەسەڵاتی دەروێشەوە. ئەو ژیانەی ئەویش پر بووە لەتوندوتیژی و لێدان و سێکسکردنی بەزۆر و پڕ لە توندوتیژی، لەبەر ئەوە ئەویش (( **بەجۆرێکی وەها لە دەروێش تۆقیبوو کە هیچ تۆبە و بەڵێنێکی لە ئاستیدا، بۆ نەدەبردرایە سەر، دوای هەڵاتنەکەی ئەوجارەی ، دەستی لەباوکی شتو کەوتە پەنابردنە بە ردراوسێکان، هەڵاتنەکانیشی ، وەخت و سەعاتیان بۆ نەبوو، چونکە بەندی ئەو ساتانە بوون کە دەروێش، تەقەلای دەدا زەفەری پێ بەرێ** )) ( شار : 107). بەڵام دواجار بەیەکجاری لەدەستی هەڵدێت و پەنا بۆ ماڵی (گەلاوێژ) دەبات و ئەوانیش داڵدەی دەدەن ئەو راکردنەی لێکترازانێکی هەمیشەیی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوەو کە دەروێش بەبڕای بڕ نەیبینییەوە، تەنانەت باوکیشی نەیزانی لەکوێیە و بۆ کوێ چووە، ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە بەهۆی هۆکاری هەژاری و نەبوونی بووەو ئەنجامەکەشی تەلاقدان و هەڵاتن و بەجێهێشتن و خۆحەشاردانەوە بووە، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم نموونانەی سەرەوە

قوربانی ئەو هەژاری و نەبوونی و ناهۆشیارییە ئافرەتان بوونە و ئەوانیش بوونەتە ئاگری ئەو سووتانە بێ بەزەییەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و رۆماننووسانیش لەم وێنانەوە هۆشیاری زیاتری لەبارەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەوە خستۆتەڕوو بەمەبەستی کەمکردنەوەو لەناوبردنی کاریگەرییە نەرێیەکانی .

هەر لەم چوارچێوەیەدا لەڕۆمانی (**توانەوە**)ی (**غەفور سالح عەبدوڵڵا**)دا کاتێك باس لە (هەتاو) دەکرێت کە بەزۆرەملێ بەهۆی نەداری و هەژارییەوە لە (سەرداری فەتاح هەمەوەن) مارە دەکرێت و ژیانێکی نالەباری لەگەڵ بەسەر دەبات، سەرەڕای هەموو ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە رۆژانە رووبەڕووی دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دووچاری لێکترازانێکی کاتی دەبێت (( **رۆژێ دەیان پەڵپی پێت دەگرت، لاپەڕەی رابردووتی هەڵدەدایەوە، ئەنجامیش خۆی لێت دەرباز کرد ، تێی تەقاند و چوە ناو ئەوان، تا بەینێك بە یارمەتی باوکت دەژیای، هەر کە باوکت مەرگ بۆری دا ئەو لایەشت بڕایەوە، تۆی سپاردە دەستی رۆژگارێکی دڵڕەق و نەعلەتی، تەنیا مایتەوە، بۆیە بەناچاری کۆڵت دایە کۆڵەوە و خۆت گەیاندە (مێردەکەت) لەکوێرە گوندێك گیرسایەتەوە**)) (توانەوە :278-279)، لێرەدا بەهۆی پێکەوەنانی بەزۆرەملێی خێزانەوە، ئەو دوو کەسە لەگەڵ یەکدی نەگونجاون، بەتایبەتیش کە مێردەکەی بە پەیوەندییە خۆشەویستییەکەی پێشتری لەگەڵ (قارەمان) دەزانی، بۆیە ئەم بێ متمانەییە وای کرد بۆ ماوەیەك لێکبترازێن و مێردەکەی بۆ گوند بڕوات، بەڵام مردنی باوکی و نەبوونی و هەژاری و بێ جێگەیی (هەتاو) ناچار دەکات بۆ لای بچێت و بەهەر شێوەیەك بێت ژیانی لەگەڵ بکات، دواجار مێردەکەی دەکوژرێت و خۆی و کچە نەخۆشەکەی بەتەنیا بۆ شار دەگەڕێنەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناو رووداوەکان هەبووەو کارتێکردنی دیاریکراویشیان لەسەر کارەکتەرەکان داناوە .

## ئەنجامەکان

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بە دەستمانهێناون، لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:

1- کێشەی کۆمەڵایەتی تانوپۆی رووداوی ناو رۆمانەکانیان پێکهێناوە و بەشداری راستەوخۆیان لەبەردەوامیدان بەڕەوتی رووداوەکان کردووە، هەروەها کاریگەری و کارتێکردنی دیارو روونیان لەسەر هەڵسوکەوت و رەفتاری کارەکتەرەکان هەبووەو ئاراستەیان کردوون.

2- رۆمانوسان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە گۆشەنیگا و رابۆچوونەکانی خۆیان لەمەڕ کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگە خستۆتەڕوو و هەوڵیانداوە هۆشیارییەك لەبارەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە دروست بکەن و چارەسەری گونجاویش بخرێنەڕوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگە توانای دەربازبوونی لێیان هەبێت.

3- ئەوەی تێبینی دەکرێت خێزان وەکو دەزگایەك و دامەزراوەیەکی ناو کۆمەڵگە بوونی لەناو رۆمانەکاندا زیاترە و بەمەش کێشەی کۆمەڵایەتی خێزان بە پلەیەکی زۆرتر و زیاتر لەناو رۆمانەکاندا لەلایەن رۆمانوسان جەختی لەسەر کراوەتەوەو تیشکی خراوەتەسەر.

4- ئابووری و بەتایبەتیش هەژاری وەکو دەردێکی ناو کۆمەڵگە ئاسەوار و کاریگەرییە نەرێییەکانی لەرێگای ئەو گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە دروستی دەکات لەلایەن رۆمانوسانەوە تیشکی خراوەتەسەر و وردەکارییەکانی ئەو کێشە خراوەتەڕوو.

5- دوژمنداری کە دەردێکی کوشندەی ناو کۆمەڵگەی کوردییە لەلایەن رۆمانوسان ئاوڕی لێدراوەتەوە ، بەڵام زۆر بەکەمی لەچاو خێزان و هەژاری ، ئەوەش زیاتر لە رۆمانی (کوێخا سێوێ) ی (عەزیزی مەلای رەش ) دیارخراوە .

## سەرچاوە


ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد (د) ،(2012) ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی .

ئەڵوەنی، نەجم (پ.ی.د) ، (2017) تیۆری کۆمەڵناسی رۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر.

بەرزنجی، حسام ،( 1988 ) کانگەی بەڵا، مطبعة الحوداث، بغداد.

جاف، خسرەو ،( 1989 ) کۆردەرە، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بغداد .

حوسێن، هیمداد ،( 1988 ) ماڵئاوا گوڵی خەم، چاپخانەی (الحوداث)، بەغدا.

مەلای ڕەش، عەزیزی ،( 1986 ) کوێخا سێوێ، الأمانة العامة للثقافة و الشباب، هەولێر.

رسوڵ، ئیسماعیل ،( 1990) پەرستگەی دڵداری، دار الحرية للطباعة، بغداد،.

عارف، حسین ،( 2011 ) ، شار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر،.

عەبدوڵڵا ، غەفور سالح ،( 2009 ) توانەوە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیر، چاپی دووەم، هەولێر.

عەبدوڵڵا، کاروان ، هەژان،( 2003) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،.

موکری، محمد ،( 2015 ) تۆڵە، ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی پێنجەم، سلێمانی.

گەرمیانی، عادل ،( 1999 ) ئایا سەردەمی رۆمان لە لەناوچووندایە....؟، گۆڤاری (کاروان)، ژ(131).

استيتيه، دلال ملحس(د) ، سرحان، عمر موسى(د) ، (2012) ، المشكلات الأجتماعية، الطبعة الاولى، دار وائل للنشر و التوزيع، عمان .

العزوى، فهمى سليم، (2000)،مدخل الى علم الأجتماع، الطبعة الثانية،دار الشروق للنشر و التوزيع ـ عمان .

بدر،د.عبدالمنعم محمد، (1985)، مشكلاتنا الأجتماعية، مكتبه الأسكندرية، مصر.

حسن، أ.د.سمير ابراهيم ،( 2012) تمهيد فى علم الاجتماع، الطبعة الاولى ، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة .

راغب، د.على عيد، (1994)، المشكلات الأجتماعية المعاصرة، الطبعة الثانية، نشر و توزيع مجموعه دلتا، الكويت .

غبارى، محمد سلامه(1980) مدخل الى علاج المشكلات الاجتماعيه والفرديه، الاسكندريه المكتب الجامعى الحديپ.

قنوص، محمد صبحى،(2000) دراسات فى علم الاجتماع، الطبعة الاولى ، بيروت، دار النهضة العربية.

البياتى، اخلاص محمود سلطان (2014)، المشكلات الأجتماعية للتلوث البيئى في المجتمع الحضري، رسالة ماجستر، جامعه القادسيه، كليه الاداب .

ايغوف، شيلا ،( 1989) الروايه الأجتماعية في ادب الأطفال، ت: عباس العويني، مجلة (الأقلام)، العدد(7)، تموز.

عبدالحافظ، ناهدة، (1982) ، المشكلات الأجتماعية: تعريفها، اسبابها، نتائجها و علاجها، جامعة بغداد، مجلة كليه الأداب ، عدد (33).